# داب و نەریتی نیو دەولەتی

مەبەست لە داب و نەریتی نیو دەولەتی هەموو بنەمایەکی یاسایی نیو دەولەتی یە ، لە هەلس و کەوتی بەردەوام دروست دەبیت لە پەیوەندی نیو دەولەتی لەنیوان کەسەکانی نیو دەولەتی جا. ئەو هەلس و کەوتە بە ئەری بیت بەشیوەیەکی بەردەوام یان نەری بیت بەقەدەغەکردنی هەلس و کەوتیک لە پەیوەندی نیو دەولەتی، وە دروست بوونی بیروباوەری پاپەند بوون.

# یەکەم؛ ریز بەندی داب و نەریت بە پی سەرچاوەی یاسای نیو دەولەتی

- داب و نەریت بەگرنگترین سەرچاوەی یاسای نیو دەولەتی دادەنریت ، زۆربەی زۆری ریسای یاسایاکانی سیفەتی جیهانی هەیە ، بەلام لەکاتی ئیستادا گرنگی کەم بۆتەوە لەبەر دارشتنی ریسای پەیماننامەی نیو دەولەتی .

# دووەم؛ تایبەتمەندییەکانی داب و نەریت

- **چەند تایبەتمەندی هەیە؛**
- ١ -ئیرادەی دەولەت رۆلی هەیە لە دروست بوونی داب و نەریت..
- ٢ -رەگەزی گشتگیری لەریسای یاسای داب و نەریت روون ئاشکرایە ئەویش بە بەژداری زۆربەی دەولەتان، لە کۆمەلگای نیو دەولەتی .

# دووەم؛ تایبەتمەندییەکانی داب و نەریت

٣ -سیفەتی ئیلزامی ریسای یاسایی داب و نەریت ، ئەویش بەدروست بوونی بیروباوەری لەلایەن دەولەتان کەوا پابەند بوون بەداب و نەریت ئەرکە.

٤ -ئاسانی گۆرینی داب و نەریت وە پیش کەوتنی بەردەوامی بۆ تەواوکردنی کەم و کورتی یاسای نیو دەولەتی.

# سى يەم؛ گرنگى داب ونەريت

- هەرچەندە داب و نەريت گرنگى هەيە هەنيک رەخنەى ئاراستەى كراوە؛
- ١ -روون و ئاشكرا نى يە .
- ٢ -كاتى زۆرى دەويبۆ دارشتن .
- ٣-قورسى سەلماندنى .

# سی یەم؛ گرنگی داب ونەریت

- سەرباری ئەم رەخنانە گرنگی خۆی هەیە؛
- ١ -ریسای دروست بوونی یاسای نیو دەولەتی یە .
- ٢ -سەرچاوەی سەرەکی زۆربەی پەیماننامەی نیو دەولەتیە لە کۆمەلگای نیو دەولەتیە، نموونە ریکەوتنامەی ڤیەننا لۆ پەیوەندییە دیپلۆماسی .
- ٣ -گرنگی داب و نەریت پابەندییەکەی زیاترە لە پابەندی پەیماننامەی نیو دەولەتی.

# سی یەم؛ گرنگی داب ونەریت

- ٣ -گرنگی داب و نەریت لە یاسای نیو دەولەتی تاواناسی.

# رەگەزەکانی داب و نەریت

- دوو رەگەزی هەیە؛
- ١ -**رەگەزی ماددی** ؛ ئەویش عادات وهەلس و کەووتی بەردەوامە لە لایەن دەولەت لە بابتیکی دیاری کراو ، ئەمەش بە بەژداری دەولەتان لە هەلس و کەوتیک بەشیوەیەکی گشتگیری و قبول کراو ،
- **ئەمەش چەند مەرجئکی هەیە؛**
- **١ -لەیەک چوون ٢ -بەردەوامی**

# رەگەزەكانی داب و نەریت

- **١ -لە یەك چوون ؛**
- واتە هەلس و کەوتی دەولەت کە بەردەوام دەبیت لەسەر بابەتیکی نیو دەولەتی دیاری کراو کەسیمای ریکەوتن بەبی جیاوازی لەناوەرۆک پیوە دیارە ، ئەگەر دەولەتیک لەسەر هەلس و کەوتیک بەردەوام بوو لە بابەتیکی دیاری کراو دواتر دەولەتانی تر قبولیان نەکرد ، لیرەدا رەگەزی لیک چوون نابیت .

# رەگەزەکانی داب و نەریت

- **٢ -رەگەزی بەردەوامی؛**
- واتە هەلس و کەوتی دەولەت کەپیک دیت لە روکنی ماددی داب و نەریتی نیو دەولەتی سیفەتی بەردەوامی هەیە بەبی پچران ، ئەوەش بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە وە لە بابەتیکی دیاری کراو .

# دەسەلاتەکانی ناوخۆ رۆلیان هەیە لە دروست بوونی داب و نەریتی نیو دەولەتی

- **أ –هەلس و کەوتی دەسەلاتی جی بە جی کردن؛**
- لەوانە هەلس وکەوتی وەزارەتی ناوخۆ لە نوینەری دیپلۆماسی نیوان دەولەتان ، رۆلی هەبوو بۆ ریکخستنی پەیوەندییەکان هەتا لە سالی ١٩٦١ دارێژرا بە شێیوەی ریکەوتنامەی ڤیەننا لۆ پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان..

# دەسەلاتەکانی ناوخۆ رۆلیان هەیە لە دروست بوونی داب و نەریتی نیو دەولەتی

- **ب-هەلس و کەوتی دەسەلاتی یاسادانان ؛**
- ئەو یاسایانەی کە لەدەسەلاتی یاسادانان دەردەچیت تایبەت بە پەیوەندی نیو دەولەتی رۆلی هەیە لە دروست بوونی داب و نەریتی نیۆ دەولەتی ، وەکو یاساکانی تایبەت بە ریکخستنی مافەکانی دەولەت لەسەر دەریای ئیقلیمی و بەرزی دەریایی .

# دەسەلاتەکانی ناوخۆ رۆلیان هەیە لە دروست بوونی داب و نەریتی نیو دەولەتی

- ج -هەلس و کەوتی دەسەلاتی یاسادانان ؛
- هەلس وکەوتی دادگای دەبیتە هۆی دروست بوونی داب و نەریتی دەولەتی وەکو ئەحکامی دادگای نیشتمانی تایبەت بە بابەتی نیو دەولەتی نموونە ئەحکامی نیشتیمانی تایبەت بە سامانی دەریایی .

# لەسەر ئاستی نیو دەولەتی  هەندیک هەلس و کەوت هەیە بووە هۆی  دروست بوونی داب و نەریتی نیو دەولەتی

- ١  -دادگای نیو دەولەتی لە ئەحکامەکانی کاریگەری هەبووە لە دروست بووبی داب و نەریتی نیو دەولەتی .
- ٢  -پەیماننامە نیو دەولەتی هەندیک جار کاریگەری هەیە لە دروست بوونی داب و نەریت ، وەکو ریکەوتنامەی قوستەتنیە سالی  ١٨٨٨کە ریسای دەریاوانی دانا لە سویس.

# لەسەر ئاستی نیو دەولەتی هەندیک هەلس و کەوت هەیە بووە هۆی دروست بوونی داب و نەریتی نیو دەولەتی

- ٣ -هەلس و کەوتانەی کە ریکخراوی نیو دەولەتی کاریگەری هەیە لە دروست بوونی داب و نەریت نیو دەولەتی ئەویش لە ریگای ؛
- أ -راسپاردەی ریکخراوی نیو دەولەتی کاریگەری کاریگەری هەیە لە دروست بوونی داب و نەریتی نیو دەولەتی .

# لەسەر ئاستی نیو دەولەتی  هەندیک هەلس و کەوت هەیە بووە هۆی  دروست بوونی داب و نەریتی نیو دەولەتی

- ٢ -ئەو ئاگاداریانەی کە لە ریکخراوی نیو دەولەتی دەردەچیت رۆلی هەیە لەدروست بوونی داب و نەریت، نموونە جارنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ سالی ١٩٤٨ .

# ٢ -ڕەگەزی مەعنەوی

- تەنها بەردەوام بوونی هەلس وکەوت نابیتە هۆی دروست بوونی داب و نەریتی نیو دەولەتی ، بەلکو دەبیت بیروباوەر دروست بی بۆ پابەند بوون، ئەمەش جیای دەکاتەوە لە ریساو خورەوشتی نیو دەولەتی .
- نموونە وەکو دەولەت بۆ پاپەندبوون بە مافی مرۆڤ کە لەجارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ هاتووە سالی ١٩٤٨ ئەمەش لە دەستووری زۆربەی زۆری دەولەتان ئاماژەی پی کراوە..

# جۆرەکانی داب ونەریت

سێ جۆری هەیە ؛

١ -داب و نەریتی جیهانی ؛ زۆربەی زۆرگ دەولەتان رۆلیان هەیە لە دروست بوونی ، نموونە وەکو بابەتی دەریاوانی و نوینەری دیپلۆماسی .

هەموو کۆمەلگای نیو دەولەتی دەگریتەوە، بەلام مەرج نی یە هەموو دەولەتان بەژداری لە دروست بوونی بکەن.

# جۆرەكانى داب ونەريت

- ٢ -داب و نەريتى هەريمى ؛ لەهەلس و كەوتى دەولەتە هەريمايەتيەكان دروست دەبيت ، نموونە بابەتى جەنگى دەرياوانى كە بەريتانياو ئەمريكا رەزامەنديیان دا بەكاركردن بە داب و نەريت كە لەدەولەتانى ئەوروپا كارى پى دەكريت.
- ٣-داب و نەريتى تايبەت؛ ئەوەش دروست دەبيت لە هەلس وكەوتى دوو دەولەت لەپەيوەندى نيو دەولەتى تايبەت لەنيوانيان، كەپەيوەنديیەكى لەنيوانيان هەيە.